دانیشتنی ٥

**ئازادیی ئاینی یان باوەڕ لە کۆمەڵگاکەماندا**

# نووسراوی پێشکەشکردن


نووسراوی پێشکەشکردن

چۆن شتەکان خراپتر و (باشتر) دەبن

THE LOCAL
CHANGEMAKERS
COURSE

# نووسراوی پێشکەشکردن

## چۆن شتەکان خراپتر و (باشتر) دەبن


ئەم نووسراوە بۆ پێشکەشکردنی دانیشتنی ٥ لە سلایدەکانی ٣-١٣ی دانیشتنی پاوەرپۆینتەکە خراوەتە ڕوو.

### ناساندن



لە دانیشتنی پێشوودا:

- سەرنجمان خستە سەر ئەوەی داخۆ پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ چۆنن و چۆن کاریگەرییان بەسەر ژیانی کەسەکانەوە هەیە.
- بیرمان لەوە کردەوە کێ پێشێلکارییەکان ئەنجام دەدات- دەوڵەت، لە ڕێگەی یاسا و ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی کردەوەی بەرپرسان یان کەسانی ناو کۆمەڵگا.
- هەروەها بەکارهێنانی دراما وەک ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی پێشێلکارییەکان و ڕاهێنان بۆ دەستنیشانکردنیان.



ئێمە ئێستا بیر لەوە دەکەینەوە چۆن پێشێلکارییەکان لە مامناوەندەوە دەبنە خراپ و خراپتر - لە ڕووداوی ناوبەناوەوە کە کاریگەری لەسەر تاکەکان دەکات، بۆ هێرشی قورس و بەرفراوان و سیستماتیک بۆ سەر مافی کەسەکان. ڕێگەیەکی بیرکردنەوە لە چۆنییەتیی خراپتربوونی شتەکان، بیرکردنەوەیە لە سێ قۆناغەکە- زانیاریی ناڕاست - جیاکاری و توندوتیژی.

### سێ قۆناغی ئەشکەنجە





یەکەم قۆناغ زانیاریی ناڕاستە. لەم قۆناغەدا، لایەنگری، باوەڕباوی و درۆکان، لەسەر تاکەکان گرووپەکان بڵاو دەبنەوە- بۆ نموونە وەک کەمینە ئایینییەکان. ئەو لایەنگرییانە بە چەندان شێو بەربڵاون-بەو ڕێگایەی دایک و باوکان، مامۆستاکان و کتێبەکانی خوێندنگە فێری منداڵانی دەکەن هەروەها لە ڕێگەی ڕادیۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان گوتاری سیاسییەکان و ئامۆژگاریی سەرکرد ئایینییەکان.




هیچ کۆمەڵگایەک بێ لایەنگری نییە، بەڵام کاتێک لایەنگری و باوەڕباوییەکان مسۆگەر دەبن، وە ب تایبەتی کاتێک لە لایەن سەرکردە سیاسی و ئایینییەکانەوە پەرەیان پێ دەدرێت، دەبنە هۆی بونیادنان کولتووری دەمارگرژی و گرژیی لەنێوان گرووپەکان دروست دەکەن.

کاتێک ئەمە ڕوو دەدات، بۆ کەسانی ئاسایی و بەرپرسە ناوخۆییەکان و تەنانەت حکومەت ئاسا دەبێت و تەنانەت ئاسایی دەبێتەوە کە نەوەک تەنیا بیر بکەنەوە و قسە بکەن، بەڵکوو بە شێوازێک هەڵسوکەوت بکەن کە جیاکاری دژی ئەوانی تر بکات. زانیاریی ناڕاست وا دەکات جیاکاری پەسەندکرا بێت. لە شێوازە هەرە توندڕەوەکەیدا، زانیاریی ناڕاست بۆ هاندانی کەسەکان بەکاردێت تا باوەڕ بهێن بەوەی نەک تەنیا جیاکاری بەڵکوو پێشێلکارییش ڕێگەپێدراوە یان تەنانەت دروستیشە.





جیاکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کاریگەری لە کەسەکان دەکات. لە دانیشتنی پێشوودا، تەما نموونەکانی جیاکاریی دەوڵەتمان کرد- بۆنموونە یاسای جیاکاریی خێزان و ناسنامەی تاکەکەسی، جیاکار لەو شێوازەی وا یاسا لە لایەن پۆلیس و دادگاکانەوە دادەمەزرێت، هەروەها جیاکاری لە بڕگەکا خزمەتگوزاری وەک پەروەردە. هەروەتر نموونەی جیاکارییمان لە کەرتی تایبەتدا بینی کە کاریگەر دەخاتە سەر دەستگەیشتنی مرۆڤەکان بە دامەزراندن.

هیچ کۆمەڵگایەک لە جیاکاریی بەدەر نییە، بەڵام جیاکاریی بەربڵاو و سیستماتیک تەنیا کاتێ بەردەوام دەبێت کە لەسەر کولتووری پشتگوێخستن و دەرمارگرژی بونیاد نرابێت. هەروەها جیاک بەردەوام نابێت ئەگەر زۆرینەی مرۆڤەکان پەسەندی نەکەن.





تەنیازانیاریی ناڕاست بناغەی جیاکاری دروست دەکات، زانیاری ناڕاست و جیاکاری پێکەوە بناغەی پێشێلکاریی دادەڕێژن. پێشێلکاری لە کۆمەڵگادا چەندان شێواز دەگرێتەوە- هەر لە وێرانکردنەوە تا هەراسانکردن و بۆ هەڕەشە و بۆ توندوتیژیی جەستەیی. هەروەها پێشێلکاریی دەوڵەت زیندانیکردنی هەڕەمەکییانە، ئەشکەنجە و توندوتیژیی جێندەریی دەگرێتەوە.

## پێوەر، دووبارەبوونەوە و کاریگەریی




هەر سێ جۆرەکەی کێشە- زانیاریی ناڕاست، جیاکاری و پێشێلکاری- دەتوانن بە قۆناغ و پێوەر و دووبارەبوونەوەی جیاواز دەرکەون، هەروەها بە کاریگەریی جیاواز. پێشێلکاری دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر چەند تاکێک یان گرووپی زۆر گەورە. دەکرێت ناوبەناو، بەردەوام یان سیستماتیک بێت- واتە لەناو سیستم و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بونیاد نراوە. هەروەها دەتوانێت کاریگەریی سنووردار و وێرانکەری لەسەر ژیانی ئەو کەسانە هەبێت کە کاریگەر بوون.




ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتان پێمان دەڵێن تاوەکوو لایەنگریی و زانیارییە ناڕاستەکان زیاتر بەربڵاو و توندتر بن، ئەوا جیاکاریش زیاتر توندتر و بەرفراوانتر دەبێت. هەروەها تا هەردووکیان زیاتر بەربڵاو بن، ئەگەری توندوتیژیی توندتر و بەربڵاوتر دەبێت. شتێک دەبێتە هۆی شتێکی تر. ڕەنگە ئەمە دڵتەنگ دەربکەوێت، بەڵام تێگەیشتن لەوەی چۆن شتەکان خراپتر دەبن دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ بیرکردنەوە لەوەی چۆن شتەکان دەتوانن باشتر بن.


## دەرئەنجام



هەموو شتێک لە شێوازی بیرکردنەوە و قسەکردن و مامەڵەکردنمانەوە دەست پێ دەکات. هەروەه ئەمە شتێکە کە هەریەکێک لە ئێمە دەتوانێت کاری لەسەر بکات - لە خێزانەکانمان و پەیوەندیی کەسییەکانمان. هەروەها ئەگەری هەیە بتوانین لە ئاستی کۆمەڵگادا شتێک بکەین- بۆ نموونە لە کۆمەڵ باوەڕمەندەکانمان، خوێندنگە و شوێنی کارەکانمان.
بێگومان، ئەمە بەس نییە. پێویستە ئەو سیستمە فەرمییە بگۆڕین کە زیان بە مرۆڤەکان دەگەیەنێت جیاکاری دەکات- لە یاسای خراپەوە تا ڕەفتاری بەرپرسەکان وەک مامۆستای خوێندنگە یان ئەفسەرا پۆلیس.



بۆ ئەوەی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە بێنە دی، ئەوا پێویستمان بەو کەمینانە هەیە کە مافەکانی خۆیان دەزانن و ئامادەن داکۆکیی لێ بکەن، هەروەها ئەو زۆرینانەی ئامادەن پاڵپشتیان بکەن و ئەو سەرکردە ئایینی و سیاسییانەی تێگەیشتنیان بەرانبەر بەرپرسیارییەتیی خۆیان هەیە بۆ ڕێزگرتن و پاراستن و پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ.




هێنانەدی ئەمە پرۆسەیەکی خاو و سەختە. پرۆسەکە کاتێک دەست پێ دەکات کە ئێمە شیکاریی بەستێنی خۆمان دەکەین و کێشەکان دەستنیشان دەکەین. دەتوانین ئەم سێ نموونەیەی زانیاریی ناڕاست- جیاکاری و پێشێلکاری بەکار بێنین تا لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا یارمەتیدەرمان بن.

**پێزانین**
ئەم نووسراوە لەسەر بنەمای نموونەی 'سێ قۆناغی ئەشکەنجە'یە، لە لایەن یۆهان کاندلین پەرەی پێ دراوە.